مەسرور بارزانی و دەیڤد پێترەیۆس، جەختیان لە پاراستنی ئاشتیی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە کردەوە

ئەمڕۆ دووشەممە، 13ـی ئۆکتۆبەری 2025، لە ڕاگەیەندراوێکدا نوسینگەی سەرۆکی حکوومەت کەدەستی موتڵەع کەوتووە ڕایگەیاند، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە جەنەراڵ دەیڤد پێترەیۆس بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) کرد .

لە دیدارەکەدا ، دۆخی گشتیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

هەروەها بیروڕا لەبارەی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی بارودۆخی سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی ئاڵوگۆڕ کرا.

ڕاشیگەیاند، لەمبارەیەوە جەخت لە گرنگیی پاراستنی ئاشتیی و ئاسایش و سەقامگیریی لە ناوچەکەدا کرایەوە.